**بە نــاوی خــوای بەخشــندەو میهرەبــان**
**بە نــاوی گەلـــەوە**
**ئەنجــومەنی نیشتمانیی کوردســـتان ـ عێـراق**
**ژمارەی دەرهێـنـــان : ١**
**ڕۆژی دەرهێــنـــان : ٢٠٠٢/٤/١٠**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە(١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ و ، لەسەر داوای وەزیری دارایی‌و ئابووری و ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٥)ی ڕۆژی (٢٠٠٢/٤/٩) یدا ئەنجامی داوەو ، بە پێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

## یـاســـای ژمـــارە (١)ی ســـاڵـی ٢٠٠٢

**مـاددەی یەکـەم :**
ئەگەر فرمانبەر لە ماوەی ساڵێکی تەقویمیدا ، بە بێ مەعزەرەتێکی بەجێ بۆ ماوەی (٣٠) سێ ڕۆژ لە دایەرەکەی دابېڕێت ، سا ئەو دابڕانە بە شێوەیەکی سەرومڕ یان پچڕ پچڕ بێت ، ئەوە بە دەستهەڵگرتوو لە قەڵەم دەدرێ .

**مـاددەی دووەم :**
هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ، ناخرێتە بەرکار .

**مـاددەی ســێـیـەم :**
پێویستە لەسەر وەزیرە پێوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار .

**مـاددەی چــوارەم :**
ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا ، دەخرێتە بەرکار .

**د. ڕۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئەنجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتان ـ عێـراق**

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com